## بیرەوەرییەکانی "مرتضی زربخت

لە دوو زنجیرەی پێشوودا باسی راپەڕینی ئەفسەرانی خوراسان و بیرەوەری دووکەس لەو ئەفسەرانەم کرد. لێرەدا لە ئەفسەرێکی دیکەیان دەدوێم کە "مورتەزا زەربەخت" بێت.

کتێبەکە ناوی "گذار از توفان"ە واتە تێپەڕبوون بەناو توفاندا، کە یەکێکە لەو کتێبانەی وا لە ناو پرۆژەی "مێژووی زارەکی ئێران" دا بڵاو کراونەتەوە. ئەم پرۆژەیە لە دەرەوەی ئێران لە ئەمریکا و ئوروپا بەڕێوە چوو و تێیدا لەگەڵ هەندی کەسایەتی وەک ابوالحسن بنی صدر و کەریم سەنجابی و ... چەندها ساعەت وت و وێژ کرا و پاشان وت و وێژەکان هێنرانە سەر کاغەز و بڵاو کرانەوە.

لە کتێبەکەدا زەربەخت باسی ئەوە دەکات کە پایلۆت واتە خەلەبانی تەیارە / بوە، تەیارەیەکی ئێرانی رفاندوە و بردوویەتە ناو کۆماری ئازەربایجان لە تەورێز و ویستویەتی لە ناو کۆماری کوردستان و نێوان سەقز و بۆکانیش فرۆکەخانەیەک بکرێتەوە بەڵام کۆمارەکان هەرەسیان هێناوە و ئەویش لەگەڵ هاورێکانی لە گوندی سەراوە بەرەو بۆکان بوونەتەوە و لەوێوە بۆ مەهاباد و ئینجا لەگەڵ بارزانییەکان کەوتن و یارمەتییان دان لە دەوروبەری شنۆ تا هەڵاتن بۆ عیراق و گیرانیان.

لە لاپەڕە ١١٧ی کتێبەکەوە تا ١٢٥ باسی هەڵاتنی خۆی و هاورێکانیەتی لە سەراوە بۆ بۆکان و مەهاباد.

"گذار از توفان – دونسل از افسران سازمان نضامی"، خاطرات مرتضی نیک بخت در گفتگو با حمید احمدی، انجمن مطالعات و تحقیقات تاریخ شفاهی ایران در برلین، ئاڵمان ١٣٨٠[٢٠٠١] (؟) فارسی.

روونکردنەوە :

ئەم کتێبە لە ئێران بەم ناوە بڵاو بۆتەوە:

مرتضی زربخت در گفتگو با حمید احمدی، "خاطراتی از سازمان افسران حزب توده ایران"، انتشارات ققنوس، تهران ١٣٨٢[٢٠٠٣]، ٣٤٣ صفحه، فارسی.